# پرسیاری لێکرا دەربارەی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەری خودا --صلى الله عليه وسلم--

لە ئیبن ئەبی مولەیکەوە دەڵێت: لە یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-؛ -(ئەبو عامر) دەڵێت: نافیع ووتی: پێم وایە حەفسە بوو- کە پرسیاری لێکرا دەربارەی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش ووتی: «ئێوە ناتوانن (وەک ئەو بیخوێننەوە)». پێی ووترا: پێمان بڵێ چۆن بوو. ووتی: خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆ و ڕوون بوو، ئەبو عامر دەڵێت: نافیع ووتی: ئیبن ئەبی مولەیکە بۆی گێڕاینەوە (کە بەم شێوەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قورئانی دەخوێندەوە): {الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} پاشان دەوەستا، {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} پاشان دەوەستا، {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ}.

[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

پرسیار کرا لە حەفسە دایکی باوەڕداران -ڕەزای خوای لێبێت-: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چۆن قورئانی دەخوێندەوە؟ فەرمووی: ئێوە ناتوانن وەکو ئەو بخوێننەوە، پێی ووترا: پێمان بڵێ چۆن قورئانی دەخوێندەوە. نافیع دەڵێت: ئیبن ئەبی مولەیکە قورئانی بۆ خوێندینەوە بە خوێندنەوەیەك کە پەلەی تێدا نەکرد و لەسەرخۆ بوو؛ بۆئەوەی چۆنیەتی قورئان خوێندنی پێغەمبەریان بۆ بگێڕێتەوە -صلى الله عليه وسلم-، و شێوازی دەربڕینەکانی نزیك بکاتەوە بۆیان بۆئەوەی لێی تێبگەن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ {الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}ی خوێند، پاشان خوێندنەوەکەی بڕی، {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ}ی خوێند، پاشان خوێندنەوەکەی بڕی، پاشان {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ}ی خوێند، پاشان خوێندنەوەکەی بڕی، وبەو شێوەیە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65247